

# ئێوارەیەك بەیادی ئێوە

نەوزاد مەدحەت
(گۆران)

ئێوارەیەو
لەم وڵاتە سپی یە
سپی وەکوو ڕوحی ئێوە
دەرگای هەناسەم ئاواڵە
بۆ بۆنی بەهارو
باوەش ئەکەم بەو یادانەی
وەکوو خۆرو ئاو , بۆ من زیندون .
ئێوارەیەو ....
چرپە یادێک ئەم ڕفێنێ ,
بۆ وڵاتی پڕ لە هاوار ,
بۆ ووڵاتێ ,
کە ئازادی
وشەیەکی سەرو گوێکراوی
بەردەرگای حزبەکانە.
نان , ئا...خ نان



قەڵایەکی سەختی

ئەودیوی خوێنی

من و تۆیە .

ئێوارەیەو ....

بە جێی دێڵین

ژووری قاندراوی بە دوکەڵ

ژوری پڕ لەخەونی ژیان ,

ئێوارەیەو ... وەکو سەدان ئێوارەی تر

هاواری دەست فرۆشانی ,

شێخ اللە و ,

پێکەنینە نەرمەکانی " شاپور " و

قاقای " قابیل "

تێکەڵاوی ڕوحم ئەبن و

دڵم ئەکەن بە هێلانەی  خەمێکی تر

چاوم ئەکەن بە ئاسمانی

بارانێ تر .

18 -04-2003